## دیسان شەڕی ناوخۆیی فەتح و حەماس

**من نزیک 5 مانگ پێش ،لە کاتی ڕێکەوتنی حەماس و فەتح لە مەکە لەسەردەستی شای عەرەبستان ، بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەس و لایەن، ئەو ڕێککەوتنەم پێ مەسڵەحەتی و بێ بنەما بوو. هەر ئەوکات پاش بڵاو بوونەوەی وتارەکەم چەند کومێنتم بەدەست گەیشت کە لۆمەی ئەوەیان دەکردم کە ڕەشبینانە چاو لە هەموو دیاردەکان دەکەم. بەڵام تێک هەڵچوونە سەرانسەریەکانی ئەم ڕۆژانەی نێوان ئەو دوو باڵەی بزووتنەوەی فەلەستین و ئاستی دڵڕەقی و نەفرەتی قووڵ و کوشتاری بێبەزەییانە لە دژی یەکتر، ڕاستیی ئەو بۆچوونانەی سەرلماند. ئەو کوشتارەی ئەمڕۆ فەتح و حەماس لەیەکی دەکەن سەرچاوەکەی هەر لەو لێکدانەوە دایە کە من لەو وتارەدا باسم کردووە، بۆیە جارێکی دیکە ئەو وتارە بڵاو دەکەمەوە.**

خەلیل غەزەڵی

# ڕێککەوتنی فەتح و حەماس ، چارەساز نییە

خەلیل غەزەڵی

khalil.ghazali@gmail.com

**بە پێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان ڕێبەرانی فەتح و حەماس پاش 2 ڕۆژ وتوویژ، ڕۆژی پێنجشەممە 19ی ڕێبەندان لە شاری مەککە لە سەر پێک هێنانی دەولەتێکی یەکگرتوو، ڕێککەوتن.**

**بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە شوێنی دانیشتنەکانی سەرکردەکانی هەر دوولا بڵاو بووەتەوە، "مەحمود عەباس" سەرۆکی دەسەلاتی فەلەستین و ڕێبەری فەتح، "ئیسماعیل هەنیە" سەرۆک وەزیری ئێستای دەسەڵاتی فەلەستینی بۆ پێکهێنانی دەولەتی ئیئتلافی ڕاسپاردووە.**

**هەرپاش بڵاو بوونەوەی ئەو خەبەرە لەناوچە کانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی فەلەستن و هەروەها لە ئوردووگای ئاوارەکانی فەلەستینی لە وڵاتە عەرەبییەکان، خەڵک بەهاتنە سەر شەقامەکان، خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا.**

**گەرچی هەردوو لایەنی فەلەستینی بە خوشبینییەوە چاو لەو ڕێککەوتنە دەکەن، بەڵام ڕەوەندەکە پێچەوانەی ئەو خوشبینیانە نیشان دەدەن. چوونکە لەو کاتەوە کە حەماس وەک هێزێکی بناژۆی ئیدئولوژیکی ئیسلامی دەسەڵاتی لە ناوچەی ئوتۆنومی فەلەستینیدا بەدەستەوە گرتووە، تەنگەژە و جیابیریی لەگەڵ ڕێکخراوی فەتح (وەک ڕێکخراوێکی سێکۆلار و نەتەوەیی)، لە قسەوە گۆڕاوە بۆ کردەوە و لە ماوەی یەکساڵدا چەندین تێکهەڵچوونیان کەوتووەتە نێوانەوە ،کە تا ئێستا نزیک بە 100 کوژراو و ژمارەیەک زۆرتر بریندارى لێکەوتووەتەوە. گەرچێ هەردوولا زۆر هەوڵیاندا ئەو تێکهەڵچوونانە پەرە پێنەدەن، بەڵام جیاوازییەکانیان سەرەنجام شەڕی بەسەردا سەپاندن. ئەو جیاوازیانەش لە ڕاستیدا بنەڕەتین و بە دانیشتن و گفتۆگوکردنێکی یەک دوو ڕۆژە چارە سەر ناکرێن.**

**هەر ئەوەش بوو کە دیتمان پاش چەند کاتژمێر دوای ڕاگەیاندنی پێکگەیشتنی حەماس و فەتح،**

قسەبێژانی حەماس ڕایانگەیاند کە هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر دان پێدانان بەسەر بوونی ئیسرائیلدا مۆر نەکراوە. ئەو قسە لەڕاستیدا هەموو گەشبینیەکانی کردەوە ڕەش بینی. چوونکە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکان لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا، بەفەرمی ناسینی ئیسرائیلە. هەرئەوەش بووە کە پاش هاتنە سەرکاری حەماس(بەهۆی نکۆڵی کردن لە بوونی ئیسرائیل وەک دەوڵەت) ، ئیسرائیل ڕەوەندی وتووێژەکانی لەگەڵ فەلەستینیەکان بەتەواوی ڕاگرت، گەمارۆی ئابووری بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی فەلەستیندا سەپاند و هەموو داراییەکانی بلۆکە کرد.

لەبەرانبەردا مەحموود عەباس وەک سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی سەرەڕای ئەوە ڕازی بەو هەلومەرجە نەبوو، بەلام هیچی پێنەدەکرا. چووکە زۆربەی پارلێمان لەدەستی حەماسدا بوو و دەوڵەتیش هەر ئەو پێکی هینابوو. ئەوەبوو کە بەرەبەرە جیاوازییە فیکریەکان هاتنە مەیدانی کردەوە و دەسەڵاتەوە. سەرۆکی حکوومەت (مەحموود عەباس) کە پارتەکەی زۆرایەتیی پارلێمانی لە هەلبژاردنێکی ئازاددا لەدەس دابوو، دەبوو دەوڵەتیش(بە هەموو کەرەستەکانییەوە وەک هیزی چەکدار و پۆلیس و..) بدا بە ڕەقیب. بۆیە بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی هێزی چەکداری تایبەت و لە ناوەندێک بەناوی "گاردی سەرۆک" و ناوەندی ئەمنیەتی ڕێکیان خستن. و لەو لاشەوە حەماس چەکداری فەرمیی خۆی لە میلیشیاکانی پێک هێنا. بەو شێوە دەسەڵاتی فەلەستین بووە خاوەن 2 لەشکری چەکداری نەیاری یەکتر.

ئەو ڕەوەندە تاهات تەنگەژەی نێوان هەردوولای توندتر کردەوە و لەو لاشەوە ڕۆژئاوا ، هەموو یارمەتییەکانی بەڵێن دراوی خۆی بۆ دەسەڵاتی فەلەستینی، بە ناساندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەن حەماس و یەک دووخاڵی دیکەی لەو چەشنە بەستبووەوە. بەڵام ئاشکرایە کە حەماس(وەک هێزێکی ئیسلامی) نەیدەتوانی بەئاسانی ئەوگۆڕانە لەقەوارەی خۆیدا پێک بێنێ کە ئیسرائیل وەک وڵاتێکی سەربەخۆ قەبووڵ بکات. چوونکە لەبنەڕەتدا حەماس(وەک هەر هێزێکی ئیسلامیی بناژۆ)بنەمای فیکریی دامەرزانی لەسەر ئەساسی "لەدەریاکردنی دەوڵەتی بیژووی ئیسرائیل" و "پاک کردنەوەی قودس لە جوولەکە" بووە. بۆیە هیچ چاوەروان نەدەکرا لەم کۆبوونەوەشدا گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕووانگەی حەماس بەنیسبەت ئیسرائیلەوە پێک هاتبێ، هەرچەند  دەسەڵات بەدەستەوە گرتن، چەشنە ئاگربەسێکی لەگەڵ ئیسرائیل بەسەردا سەپاندووە.

دیارە گەر ڕێبەرانی حەماس بێنە سەر ئەوباوەڕەش(بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل) بە چەند هۆ ناتوانن هەروا بەئاسانی بەسەر پاشهاتەکانیدا تێپەرن. یەک لەوانە ئەوەیە کە حەماس (هەروەک پێشتریش باسم کرد) ئامانجی لەنێوبردنی ئیسرائیلە و خۆی وەک ئالتێرناتیڤی هێزە سێکۆلارەکان کە "خەیانەتیان بە ئارمانی فەلەستین" و "ڕزگاریی قودس" کردەوە، ناساندووە. هەر بەو فیکرە (پاک کردنەوە قودس لە جوولکە) هێزەکانی پەروەردەکردووە و تا ئەو ئاستەی هێناون کە عەمەلیاتی خۆکوژی بۆ ئەو باوەڕە(پاک کردنەوە ئورشەلیم لە جوولەکە) ئەنجام دەدەن و بە ئاسانی خۆیان دەتەقێننەوە. جا ئێستە،چۆن دەتوانێ یەکدا بەدوو، دەس لە بنەمای فیکری خۆی(ڕژاندنە دەریای جوولەکە) هەڵگرێ و ئیسرائیل وەک دەوڵەتێک بەفەرمی بناسێنێ.

هەروەها حەماس لەلایەکی دیکەشەوە،بۆ دژایەتی کردنی ئیسرائیل، هەر ساڵ بە سەدان ملێون دولاری لە وڵاتانی دژی ئیسرائیل و لەوانە ئێران وەرگرتووە و ئەو یارمەتییە"بێدرێغانە" هێندێک "تەعەهودات"ی بۆ حەماس پێکهێناوە. بۆیە لەباری سیاسیەوە ناتوانێ بەئاسانی پشت لە دۆستە ستراتێژیەکانی بکا و خۆی بخاتە باوشی ئیسرائیلەوە. بەتایبەت ئەگەر ئەوە لەبەر چاو

**بگرین که وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا و ئیسرائیل، نەک هەر هیچ دڵخۆشیەکیان لە حەماس نییە، بەڵکوو بەهۆی جەنایەتەکانییەوە و بەهۆی تێروریزم و ئیسلامی سیاسیی‌یەوە، بەئاسانی باوەڕی پێناکەن و لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی لەنێو بردنی دەدەن. ئەوان لەسەرەتاوە بەو هیوایە بوون کە گۆڕانی هەلومەرجی حەماس لە "ئوپۆزیسیون"ەوە نۆ "پۆزیسیون" بتوانێ حەماس تووشی "ئیستحاڵە و گۆڕان بکات. بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەو چاوەڕوانییە بێجێگەیە.**
**بەو خاڵانەی کە باسکران ،بەو ئەنجامە دەگەین کە کێشەکانی نێوان حەماس و فەتح قووڵتر لەوەن کە بتوانن وا بە ئاسانی بە ۆپێک هێنانی دەوڵەتی هاوبەش کە لە رووی ناچاری قەبووڵیان کردووە،چارەسەر بکرێت. بۆیە ئەو ڕێککەوتنەش بەباوەڕی من ناتوانێ رێگەچارەی کێشە نێوخۆییەکانی دەسەڵاتی فەلەستینی بێ. رێگەچارە تەنیا لە هەڵبژاردنێکی دیکە و تەریک کەوتنەوەی حەماس یا هەر هێزێکی بناژۆی دیکەیە. بەڵام ئایا خەڵکی فەلەستین بەو ڕادە لە تێگەیشتنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەن کە دەست لە ئیحساسات هەڵگرن وفاناتیزم و دەستی بێگانە لە سەر بزووتنەوە نیشتمانەکەیانەوە لابەرن، ئەوە داهاتوو روونی دەکاتەوە. هەرچەند بەپێی ڕاپرسەکان حەماس لەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنیەوە تا ئێستە زۆر پێگەی جەماوەریی دابەزیوە.**

ڕێبەندانی 2706